ئەم بابەتە وانەیەکی (م.محمدرافع)ە لە بەرواری2014/01/04 لە هەولێر گووتراوەتەوە لەلایەن قوتابیەکانی نووسراوەتەوە و بڵاو دەکرێتەوە.

**ئەو هەستانەی کە بە قیرائەکردن بۆ مرۆڤەکان دروست دەبن چین؟ (موصعەب)(ڕەزای خودای لێبێت) تاقانەکەی دایکی لە هەموو گەنجانی مەککە زیاتر لە نێو نازو نەعمەت دابووە.. پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بینی بە پارچە پێستەیەك خۆی داپۆشیوە! ..ئەوا موحەممەد جێناهێڵم! ئایا پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) چی داوەتێ تا جێی نەهێڵێت؟**

**حاطبی کوڕی ئەبی بەڵطەعە چی کردبوو تاکو هەرچی بکات هەر سزانەدرێت!**

**کاتێك قورئان بەو ڕەهەندە پەوەردەیی و بەو ڕیزبەندیی و زنجیرەیەی کە پێویستە وربگیرێ وەرنەگیرا چی ڕوودەدات؟**

**قیرائەکردن... بەردەوامبوون... هەستکردن بە لە خزمەتبوونی خودای ڕەحمان دروست دەکات.**

**قیرائەنەکردن... دڵڕەقی دێنێتە بەرهەم.**

**قیرائەکردن... خودات دێنێتەوە یاد بەردەوامبووونیش گەشە (تزکیة) لە ناخی مرۆڤەکە دێنێتە ئاراوە.**

**دەستپێکی ڕووداوە مەزنە چاوەڕوان نەکراوەکە دابەزینی (سروش).**

**(کان یتحنث) لەبەرچی خۆشەویست بەم وشە وەسفکرا؟ و مانای چییە؟**

**و پەیوەندی بە یەکەم وشەی سروش (الوحي) چییە؟**

**کاتێك (اقرأ) واتە قیرائەکردن دەبێت بە یاسا لۆ سەرتاپای مرۆڤایەتی...**

**قیرائەکردنی بە نیاز و بێ نیاز.. قیرائەکردن بۆ گەیشتن بە خودای ڕەحمان.**

**ئەوەی ئەنجامی دەدەیت لە قیرائەکردن دەمێنێتەوە و دەچەسپێت. یاران بەرلەوەی خودای ڕەحمان بناسن پێغەمبەریان ناسیوە.**

**قیرائەکردن چییە؟**

**قیرائە هەستێك بەرهەم دێنێت کە الله(جل جلاله)**

**لەگەڵ ئەو هەناسەیەیە، الله(جل جلاله) لەگەڵ ئەو چاوەیە، الله(جل جلاله) لەگەڵ ئەو...، الله(جل جلاله) لەگەڵ ئەو... تا دوایی)یە، ئەوەیە بەروبوومی قیرائە.**

**کاتێك چاوەکان ئەرکی خۆیان ئەنجام دەدەن.. کاتێك ئاشنایەتی پەیدا دەبێ... چیتر دێت؟ کاتێك مرۆڤ دەگاتە پلەی (الإحسان). کاتی شەو و ڕۆژ لۆ قیرائەکردن جیاوازی نییە.**

**ئایاتەکانی (سمع) ڕوویەکی دیکەی قیرائەکردن.**

**ئەو هەستانەی کە بە قیرائەکردن بۆ مرۆڤەکان دروست دەبن چین؟**

لە چاوپێکەوتنی دووەم دوو شتی سەرەکیمان باسکرد:

یەکەم: ڕەهەندە تیۆرییەکەی قیرائەکردن.

دووەم: ڕەهەندی کرداریی و مەشقکردن بەدرێژی و بە شێوازێکی سادە ختسمانە ڕوو، لۆئەوەی بتوانرێت ئیشی لەسەربکرێت، و بەروبوومامان هەبێ.

بەڵام پێتانم ڕاگەیاندن کە ئەمەی دەیخەینەڕوو بابەتی بیردۆزەیی و قسە نییە و بەس، بەڵکو ماددەیەکی کردارییە، و ڕوونمانکردەوە کە تاکو مرۆڤ ئیش لەسەرخۆی نەکات ناتوانێت شتێکیش بەدەستبهێنێت، لێرەدا دەمەوێت زۆر جەخت لەسەر ڕەهەندی کرداریی بکەمەوە، و گرنگییەکی زۆر دەدەینە وشەی (إقرأ) و قیرائەکردن، ئەم بابەتانە کە لێیان دەدوێین دوای بیستنی پێویستە ئیشی لەسەر بکرێت و مومارەسە بکرێت، ئینجا ئەوەی ئیش لەسەرخۆی بکات کۆمەڵێك هەستی لۆ دروست دەبێت، لە نێو کرداری قیرائەکردن جۆرێك لە کامەرانی و شادی هەستی پێدەکرێت لەلایەن مرۆڤەکە، هاوەڵە بەڕێزەکان لە خزمەت پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) پڕبوونە لەم جۆرە هەستانە.

**(موصعەب)(ڕەزای خودای لێبێت) تاقانەکەی دایکی لە هەموو گەنجانی مەککە زیاتر لە نێو نازو نەعمەت دابووە.. پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بینی بە پارچە پێستەیەك خۆی داپۆشیوە! ...ئەوا موحەممەد جێناهێڵم! ئایا پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) چی داوەتێ تا جێی نەهێڵێت؟**

لەبەرئەمەشە هاوەڵێکی وەکو (مصعب) زۆرجاریش ئاماژەمان لۆ کردووە، وەك پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) وەسفی دەکات: (كان أنعم شباب مكة) واتە لە هەموو گەنجانی مەککە زیاتر لە نێو نازو نەعمەت دابووە، واتە لە (نَعْمَة)، تاقانەی دایکی بووە، ئارەزووی زۆر لە بۆنی خۆش و کەشخەڵێدان بوو، هەرزەکاریش بووە، لەلای عەرەب وا باو بووە و دەستووریان وابووە لەسەر دیشداشەی ئەوانەی خاوەن پلە و پایە بوونە، کاتێك عەبایان لەبەرکردووە ئێستاش هەر ئەو حاڵەتەیان هەیە، چمکی عەباکانیان بە دوڕ و گەوهەر دەنەخشاند و دەیانڕازاندەوە، کاتێکیش بەم عەبایەوەی بەسەر زەوی شاری مەککە ڕێی دەکرد عەبایەکەی لە زەوی دەخشا و بەمەش دەنگی دەهات، و بە ڕاددەیەك بۆنی گرانبەهای ئۆرجیناڵی بەکارهێناوە بەرلەوەی بگاتە هەر شوێنێك بۆنەکەی دەگەیشتە ئەو شوێنە، بە بۆنەخۆشەکەی خەڵکی دەیانزانی کە (مصعب)ە یان ئەوەتا لێرەوە تێپەڕیوە یان وا نزیکەو خەریکە دێت، بەڵام دوای ئیمانهێنانی و پاشان لە ساتی بەخاکسپاردنی کاتێك پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بینی بە پارچە پێستەیەك خۆی داپۆشیوە تا (عەوڕەتی) بپارێزێت! کاتێك هاوەڵان پارچە پێستەکەی دێننە لای خوارەوە، لای سکی دەردەکەوێت و کە دەیبەنە لای سەرەوە ئەوا بەشێك لە سەرووی چۆکی دەردەکەوێت! دەرەنجام پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) فەرمووی لای سەری داپۆشن و لای قاچی بە پوش و پەڵاش و گیا داپۆشن، وا وەسفیش کراوە (كان أبر واحد بأمه) چاکەکارترین و گوێڕایەڵترین کەس بووە لۆ دایکی، بەڕاددەیەك دایکی خۆشدەویست کە گوێڕایەڵترینی گەنجەکان بووە لە مەککە لۆ دایکی، کاتێك دایکی گوێبیستبوو موصعەب ئیمانی هێناوە، هەڵسا بە دەستبەسەرکردنی لە ژورێك، کە بە چەندین قۆناغ دایکی مامەڵەی لەگەڵ کرد، دواهەمین شت ئەوەبوو لەم ژوورە دەستبەسەری کرد، لە ژورێك بەندیکرد و نان و ئاوی لێ بڕی، و بەخۆشی بەڵێنی دا و نەزری کرد کە نە خۆی بشوات و نە نان و ئاویش بخوات، و تاماوە لەبەر تیشکی خۆریش هەڵنەستێت، لۆئەوەی ئەگەر بەزەیی بەخۆی نەهاتەوە ئەوا بەزەیی بە دایکی بێتەوە، چونکە دەیزانی کە دایکی زۆر خۆش دەوێ، ڕۆژی سێیەم سەری لە پەنجەرەکەی دەرهێناو گووتی: (يا أماه والله لو كانت لک سبعة أرواح وخرجت واحدة تلو الأخرى ماتركت محمدا) ئەی دایکە سوێند بە الله گەر حەوت ڕۆحت هەبێ و یەك لەدوای یەك دەربچێت ئەوا موحەممەد جێناهێڵم! جا دەپرسین دەبێ پێغەمبەر(محمد)(علیه السلام و البرکات) چی دابێتێ؟ هاوەڵە بەڕێزەکان ئەو هەستانەی باسی دەکەین بە کردارییانە پیادەیان کردووە و ئەنجامیان هەبووە، لۆیە هەڵوێستیشیان بەم جۆرە بووە.

**حاطبی کوڕی ئەبی بەڵتەعە چی کردبوو تاکو هەرچی بکات هەر سزانەدرێت!**

ئەگەر سەیر بکەن ئەو کۆمەڵەی لەخزمەت پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بوون ئەگەر پشتیوانان (الأنصار) یان کۆچکردووان (المهاجرين) بن، ئەوانەی لە قوتابخانەی (إقرأ) دەرچووبوون، لە غەزای بەدر هەڵوێستیان چۆن بوو؟ تا کار گەیشتە ئاستێك ئەگەر گوناهی گەورەش ئەنجام بدەن ئەوا پێغەمبەر چاوپۆشی لێکردوون، نەك هەر گوناهی گەورە، بەڵکو

ناپاکی مەزن (الخيانة العظمی) بکەن لە دەوڵەت، ئەوەتا حاطبی کوڕی ئەبی بەڵطەعە هاوەڵێك بوو، کاتێك ویستیان شاری مەککە ئازاد بکەن، پێغەمبەر تەنانەت بە ئەبو بەکریشی نەگووتبوو خەریکە شاری مەککە ئازاد دەکەم، بەڵام بەم هاوەڵەی گووت، بێگومان ئەمە تاقیکردنەوە بوو لۆی، بەڵام ئەو حاطەبە هەڵسا ڕاپۆرتێکی نووسی لۆ ئەبو سوفیان لە مەککە، ئاگاداری کردەوە کە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) نیازی وایە شاری مەککە ئازاد بکات، جبریل هەواڵی حاطەبی لۆ پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) هێنا کە کارێکی لەم جۆرەی ئەنجامداوە! ئەویش کە هەڵساوە بە پێدانی ڕاپۆرتەکە بە ئافرەتێك و ئافرەتەکەش لە فڵانە شوێنە و هاوەڵێك بنێرە ڕاپۆرتەکەی لێ بسەنێت و بیهێنێت، ئەوەبوو پێشەوا عەلی و هاوەڵێکی دیکەشی نارد، لە ڕێگە گەیشتن بە ئافرەتەکە و ڕایان گرت، ئافرەتەکەش نکوڵی کرد کە شتێکی لەم جۆرەی لەلا بێت، پێشەوا عەلی پێی ڕاگەیاند کەوا ڕاپۆرتەکەیان بداتی ئەگەر نا هەموو جلەکانی دەپشکنن! ناچار ئافرەتەکە ئەو ڕاپۆرتەی کە شاردبوویەوە لە نێو کەزییەکانی دەرهێنا، دوای ئەوەی بینی پێشەوا عەلی بە ڕاستییەتی، و ڕاپۆرتەکەی دایە پێشەوا عەلی، ئەوەبوو ئافرەتەکەیان بە ڕاپۆرتەکەوە هێنا خزمەت پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)، هەروەها حاطەبیان بانگکرد، هاوەڵانی بەڕێز و نزیکی پێغەمبەرمان کۆبوونەوە، پێغەمبەر(علیه السلام) بە بیلالی فەرموو بانگبدە، ئەوە بوو بانگیدا، بێگومان بانگەکە جۆرێکی تایبەتی بوو، تایبەت بوو بە دۆخی لەم جۆرەی بە مەترسی تیایدا بانگدەدرا، پێغەمبەر وتارێکی کورتی دا و فەرمووی هەندێ هەن، کارێکی وا ئەنجام دەدەن کە دەبێتە مایەی زیان گەیاندن بە کۆی ئیمانداران، خۆشی ئیماندارە، یەکسەر ڕاپۆرتەکەشی نیشانی هاوەڵان دا و فەرمووی حاطەب کارێکی لەم جۆرەی کردووە! ئەوەبوو حاطەب بانگکرا لۆ لێپرسینەوە، کە هاتەپێش پێشەوا عومەر لە جێگەی خۆی هەڵسا و شمشێری دەرهێنا و بیکێشێت بە حاطەب بەبێ ڕاوێژ، یەکسەر پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) ئاماژەی لۆ کرد و پێی گووت (يا عمر مابالك إن الله قد اطلع على قلوب اهل بدر فقال لهم افعلوا ماشئتم انى قد غفرت لكم ) واتە ئەی عومەر ئەوە چی دەکەیت خودا سەیری دڵی ئەوانەی کردووە کە بەشداری بەدریان کردووە، و پێیانی فەرمووە بڕۆن چی دەکەن بیکەن، من لێتان خۆشبووم. دەبی ئەوانە چیان کردبێ؟ بە چی ئەوانە گەیشتن بەم پلەو پایەیە؟ هەڵبەت بە تەقوا و بە ئیمان.

**کاتێك قورئان بەو ڕەهەندە پەوەردەیی و بەو ڕیزبەندیی و زنجیرەیەی کە پێویستە وربگیرێ وەرنەگیرا چی ڕوودەدات؟**

لەبەرئەوەی کۆمەڵی غەزای ئوحود، لە جەنگی غەزای ئوحود هەمان ئەو کۆمەڵەی کە بەشداری بەدریان کردبوو هەر ئەوان بوون، بەڵام کۆمەڵێکی دیکە هاتبووە نێویان، ئەوانەی نوێ هاتبوون، ئەوانە دەرچووی قوتابخانەی (إقرأ) و قیرائە نەبوو، بە قۆناغی قیرائەی تێنەپەڕیبوون، ئەو قورئانەی بەو ڕەهەندە پەروەردەیی و بەو ڕیزبەندیی و زنجیرەیەی کە پێویستە وربگیرێ وەریانەگرتبوو، لەبەرئەمە ئەم توێژە کەمە بوونە هۆکاری تاقیکردنەوەو بەڵا لۆخۆیان و لۆ گرۆی ئیمانداران، و لۆ خودی پێغەمبەریش(علیه السلام و البرکات).

**قیرائەکردن...**

**بەردەوام بوون...**

**هەستکردن بە لە خزمەتبوونی خودای ڕەحمان دروست دەکات.**

قیرائەکردن ڕۆحی ئیمانە، هەر ئیمانێك قیرائەی لەگەڵ نەکرێت ئەوا ئەو ڕۆحە مردووە، لۆیە کاراکردنی کرداری قیرائەی زۆر پێویستە، مومارەسەکردنی کرداری قیرائە پێویستییەکی گرنگە، لۆئەوەی خودای بناسین، چونکە ناوە پیرۆزەکانی خودای بە هۆی ئایاتەکانی خودای نەبێت لێی تێناگەیت و ناتوانی لێ تێبگەیت، و ئیشیشی لەسەر ناکرێت، لە پەرتووکەکانی(العقائد) وایان لە ئێمە گەیاندووە کە خودا (سميع و بصير)ە بەڵێ وایە بەڵام خودا بەڕێوەبەری ئاسایش نییە! یان خودا چاودێرێکی قوتابیان نییە لە هۆڵی ئەزموونەکان، تاکو هەردەم چاوی لەسەر بێت، بەدواداچوونی لۆ بکات، لە پەرتووکەکانی (عقائد) ئەو هەستەیان لۆ ئێمە دروست کردووە، هەرچی قورئانە ئەوا خودی ڕەحمان بە (الرحمن و الرحيم) پێشکەش بە ئێمەی دەکات، ئەم هەستانەش تەنیا بە (قیرائە) بەدەست دەهێنرێت، لۆیە گرنگە کە هەڵسین بە

کاراکردنی چەمکی قیرائە لۆ واقیع، پێتانم ڕاگەیاند لە هەر (24) کاتژمێرێك یەك چارەگ بەسە، جا ئەوەی هەڵسێت بێگومان کاریگەرییەکەی ئەم هەڵسانەی لەسەری دەمێنێتەوە لە ڕۆژەکەی، هەر ئەو کاریگەرییەشە وا دەکات هەست بە بوونی خودای ڕەحمان دەکات، هەست دەکات لە خزمەت خودایە، و دەستی لۆ هیچ گوناهێکیش ناچێت.

**هەستکردن کە...**

**خودای ڕەحمان لە هەموو شوێنێکە.**

ئەمە ئەستەمە، ئەو هەستەش بووە لە کاتی خۆی مامۆستاکەی (ئەبو حەنیفە)ی هەڵسا ئەبو حەنیفەو و قوتابییەکانی دیکەی خستە ئەزموونەوە، مامۆستاکەیان قوتابیەکانی هێناو هەریەکێکیان مریشك و چەقۆیەکی دایە دستی و پێیانی گوت بڕۆن لە شوێنێکی چۆل ئەم مریشکە سەرببڕن کەوا هیچ کەسێکی لێ دیار نەبێت، دواتر قوتابییەکان هەموویان مریشکەکانیان بە سەربڕاوی هێنایەوە، تەنیا (ئەبو حەنیفە) نەبێت! مریشکەکەی بە زیندوویەتی هێنایەوە، مامۆستاکەی پرسی لەبەرچی بەمشێوەیەت هێنایەوە کوڕم؟ لە وەڵامدا گووتی: لۆ هەر شوێنێك چووم خودای تێدابوو! ئایا مرۆڤێك بەم جۆرە پەروەردە بووبێت گوناهـ دەکات؟ بێگومان ئەستەمە.

**قیرائەنەکردن...**

**دڵڕەقی دێنێتە بەرهەم.**

ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی کە لە قوتابخانەی (إقرأ) و قیرائەی دەرچووبێ لە نەوە (الرعیل)ی یەکەم (وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ)(التوبة100) دەتوانم بڵێم کە ئایین لە سەر شانی ئەوان بیناکراوە، ژمارەشیان (70) و چەند کەسێك بووە، لە تێگەیشتنی ئێمەش هەر ئەوەندەبووە، ئەوەی دەمێنێتەوە پێیان دەگوترێت (التابعین بإحسان)، بناغەی هاوەڵان ئەم حەفتایەیە کە لە بەیعەی ڕیضوان و لە بەیعەی عەقەبە ئامادەبوونە. ئەگەر بە کرداریيانە وانەکان ممارەسە نەکەرێن، ئەوا سودمەندە نابن. جا جیاوازی هەیە لە نێوان ڕۆشنبیری قیرائە و کاراکردنی قیرائە، ئەگەر ڕۆشنبیری قیرائە ئیشی لەسەر نەکرێت جۆرێك لە دڵڕەقی دێنێتە بەرهەم.

**قیرائەکردن...**

**خودات دێنێتەوە یاد.**

**بەردەوامبوونیش لەسەری گەشە (تزكية) لە ناخی مرۆڤەکە دێنێتە ئاراوە.**

ئەو کەسەی لەشەوێك تەنیا چارەگێك هەڵسێت ئەوا لە ڕۆژەکەی لەوانەیە چەند کاتژمێرێك خودای لەیاد بێت، ئەو هەستەشە وادەکات بەردەوام بێت، بەردەوامی لەگەڵ خودابوون لە لای ئەو دەبێتە زەمینەیەك تا زیاتر ئاشنایەتی لەگەڵ خودای ڕەحمان دروست بکات، ئامۆژگاریم ئەوەیە کە قیرائە کارابکرێت لۆ واقیع، ئینجا ئەم کاراکردنەی قیرائەش لە کردارەکانی مرۆڤەکان ڕەنگ دەداتەوە، هەروەها لە هەڵوێستی مرۆڤەکان دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی کردەییانە قیرائە گەشە(تزكية)ی بە مرۆڤ دەکات.

چەمکی من (أنا) خودی مرۆڤ ئەوەی بەم دەردەی دەناڵێت چارەسەری لە قیرائە کردنە، ئەگەر سەیرێکی بیروباوەڕەکان و بۆچوونەکانی کە دانراون لۆ گۆڕینی دەروونی مرۆڤ زۆرن بەڵام هیچیان بە قەد قیرائە توانای نییە کە دەروونی مرۆڤ بگۆڕێت، پێغەمبەریشمان(علیە السلام و البرکات) هەر بەمە دەستی پێکردووە و بەمەش کۆتایی پێهێناوە.

ئەو کەسەی خودای ڕەحمانی بووێت، و لە خزمەت خودا بێت، بەئاستی ئەم خوداویستنەی گرنگی دەداتە ناوەوەی خۆی، ئەو کاتە کەمەی دەستنیشانمان کرد بە چارەگێك، ئینجا ئەگەر ئەم کاتە کەمە مرۆڤ بباتە بەهەشت و هەر ئەم

چارەگە کاتژمێرە مرۆڤ بکاتە دۆست لەگەڵ رب العالمین، ئەوا باشە کە ڕەزیلی بەم کاتە کەمە نەکرێت، لە (24) کاتژمێر یەك چارەگ کاتێکی کەمە.

**دەستپێکی ڕووداوە مەزنە چاوەڕوان نەکراوەکە**

پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) سوڕەتی (العلق) ی لۆ هات کە بریتی بوو لە پێنج ئایەت، پێنج ئایەتی یەکەم لە ئەشکەوتی حیڕاء دابەزی، کاتەکەش (10)ی شەو بوو، گەر بێنینە بەرچاومان ئەم ئەشکەوتە، پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) تیایدا دانیشتووە، ئەو کاتە کارەبا نەبووە، واتە ژاوەژاو نەبووە، هەست وخوست نەبووە، ڕووناکی نەبووە، کەواتە دونیا ڕوونەو شەوی هاوینە، لە ناکاوێکدا بەبێ ئەوەی خشپەی قاچێك بێت زەلامێك لەبەردەمیدا پەیدا بێت، ئەگەر بیهێنیتە بەرچاو، پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دانیشتووە و جێگەکە بچووکە، ئەو زەلامەش پێغەمبەر نە بینیویەتی و نە دەیناسێت، و بەبێ هیچ پێشەکییەك، و بەبێ سڵاو لەبەرچاوی ئامادە دەبێت! دەڵێت (إقرأ)، لەبەرئەوەی ناکاوییێك لە بابەتەکە هەیە، ئەو کەسەی دێت بە لەناکاویی پەیدا دبێت، بەبێ پێشەکییەك ئامادە دەبێ، واتە لە هەستی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) هیچ زانیارییێکی پێش وەختەی نییە تاکو خۆی ئامادەبکات، کاتێك کە دێت، ئەو کەسە چی کرد یان چی گووت بەگوێرەی کردن و گووتنی وەڵامی کەسەکە بداتەوە، هیچ شتێکی لەلا نییە، لەبەرئەوەیە چی لە نەست(اللاشعور) هەبووبێ بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. ئەو فریشتەیە پێی دەڵێ (إقرأ)، بێننە بەرچاوتان دەنگی جبریل(علیه السلام) کاتێك دێت لەسەر شێوەی مرۆڤ دێت، دەپرسین دەبێ چ جۆرە دەنگێکی هەبووبێت؟ یاخود شێوازی چۆن بووە؟ ئینجا بەم دەنگەش پێی دەفەرمووێ: (اقْرَأْ)، چ شتێك لە نەست(اللاشعور)ی هەبووبێ، دەبێ ئەوەی بڵێت، لە نەستی دەڵێت (ما أنا بقاریء) یەکسەر باوەشی پێدەکات، ئەگەر دوو مرۆڤ ماوەیەکی دوور یەکتریان نەبینیبێت، کاتێك بەیەك دەگەن، باوەش دەکەن بە یەکدی، بێننە بەرچاوتان دڵی هەردووکیان دەکەوێتە نزیك یەکترییەوە. ئەگەر وای دابنێین جبریل(علیه السلام) دڵی هەبێت، بەڵام چ جۆرە دڵێك؟ پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)یش دڵێکی مرۆڤ ئاسای هەیە، جا دەبێ چ شتێك لە دڵی جبریل(علیه السلام) گوازرابێتەوە لۆ دڵی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)؟ چ جۆرە وزەیەك؟ جبریل وزەی لایە، بارگاوییە و ئامێری پشکنینی لەلایە، باوەش بە پێغەمبەر دەکات، ئەو وزەیەش دەگوازێتەوە لۆ دڵی پێغەمبەر و بەمەش بارگاوی دەکات، ئەو وزەیەی کە پێیدەدات لە ئاستیکە و دەیهێنێتە ئاستێك، دەیەوێت بڕێکی زۆری پێبدات لە کاتێکی کەم، کاتێکی زۆریان لەبەردەست نییە، دەگاتە ئەو ئاستەی کە زیاتری بداتێ، پێغەمبەر دڵی خەریکە دەوەستێت! لێرە بە جێیدێلێت، پێغەمبەر دێتە ئاستی پێویست، پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) وشەیەك بەکاردێنێت لۆ وەسفی حاڵەتی باوەش پێگرتنەکە، کە عائیشە(ڕەزای خودای لێبێت) دەیگێڕێتەوە، بێگومان ئەو ڕیوایەتە لە چوار جێگە و ڕیوایەتی جیا هەیە، وەك لە بوخاری هاتووە(فأخذنی فغطني) بە پیتی (طاء)، بەڵام لە ڕیوایەتی موسلیم (فغتی) بە (تاء)، بە (تغطیة) و بە دەست بە یەکگەیشتن لە ساتی باوەشپێکردن، واتە جبریل لە کاتی لە باوەشگرتنی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) توانیویەتی دەست و پەنجەکانی تێکهەڵکێشێت و بیکوشێت، بەمەش پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) وزەی نامێنێت، لە دوای جاری سێیەمی باوەشگرتنەکە دەفەرمووێ: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق1)، یەکەم ناو و کردار(الأسم و الفعل) بریتییە لە (رب، خالق)

**(کان یتحنث) لەبەرچی خۆشەویست بەم وشە وەسفکرا؟ و مانای چییە؟**

**و پەیوەندی بە یەکەم وشەی سروش(الوحي) چییە؟**

لەبەرئەوەی لە تێگەیشتنی نەستیی (اللاشعور)ی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) قیرائەکردن واتە خوێندنەوە(وەك ئەوەی پەرتووکێك لەدەست بگریت و بیخوێنیتەوە) و بەم جۆرە لە پێغەمبەریان گەیاندبوو، هەر بەم جۆرەشیان لە ئێمە گەیاندووە کەوا قیرائە واتە پەرتووك خوێندنەوە، ئەوەبوو ئەوەی پێچەوانەکردەوە لۆ جبریل و گووتی من ئەو قیرائەیەی نازانم، کاتێك ناوەوەی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) گەیشتە ئاستێك بەم باوەشپێکردنەی جبریل، ئینجا فەرمووی: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق1)، ئایا پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) قیرائەی نەدەکرد؟ بەڵێ دەیکرد وەك بە کۆدەنگی زانایان دەڵێن کە

عائیشە(ڕەزای خودای لێبێت) لەوەسفی پێغەمبەر دەڵێت: (کان یتحنث) وشەی (تحنث) واتە (کان یتفکر) دایکی ئیمانداران وا وەسفی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەکات لە نێو ئەشکەوتی حیراء کەوا پێغەمبەر بیرکردنەوەی تیادا ئەنجامداوە.

**کاتێك (اقرأ) واتە قیرائەکردن دەبێت بە یاسا لۆ سەرتاپای مرۆڤایەتی...**

لۆ زانین دایکی ئیمانداران دەیتوانی وشەیەکی دیکە بەکاربێنێ تا مانایەکی دیکە بدات، کەواتە بیرکردنەوە(التفکر) یەکێکە لە ڕەهەندەکانی گەیشتن بە خودا و خوداناسینە، کە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) ئەنجامی داوە، ئەی لەبەرچی خودای ڕەحمان ئایەتی لۆ دادەبەزێنێت و بە پێغەمبەرمان دەفەرمووێ: (اقرأ)؟ ئەمە جێی پرسیارە، واتە ئەگەر ئەو پێشتر قیرائەی کردبێت لەبەرچی پێی دەفەرمووێ قیرائەی بکە؟ لە وەڵامدا دەڵێین کەوا قیرائەکردن بە سوڕەتی (العلق) و بە وشەی (اقرأ) بە یاساکردن(التقنین)ی قیرائەکردنە لۆ سەرتاپای مرۆڤایەتی، واتە ئەوەی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) کردوویەتی ئەوە لۆ خودی خۆیەتی، بەڵام بەو دەگوترێت: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق1)، لۆ هەموو مرۆڤایەتییە و لۆ هەموو کاروبارێك و هەموو بابەتێکیشە.

**قیرائەکردنی بە نیاز و بێ نیاز**

واتە کابرای کافر بیەوێ بە کردارییانە داهێنان بکات لەم ئیشەی کە ئەو دەیکات بە قیرائەکردن پێی دەگا، هیچ کەسێك لە ئێمە هیچ ئیشێك ناکەین ئەگەر قیرائەی نەکەین، بەڵام لێرەدا قیرائەی بە دەستی ئەنقەسد و بە نیاز (عمداً) هەیە، کە مرۆڤەکە بە نیازەوە لەسەر بابەتەکە دانیشتووە، جۆری دووەم قیرائەی خێرا و فیطرییانە هەیە بەبێ ئەوەی مرۆڤەکە ئاگای لێبێت، کاتێك مرۆڤێك دەچیتە ناو دەزگایەك بۆ کارێکی دیاریکراو، جێبەجێکردنی ئەم کردارە خۆی لە خۆیدا بریتییە لە قیرائەکردن، چونکە ئەنجامدانی واتە بوونی نەخشەیەکی پێش وەختییە، واتە ئەنجامدانی کارەکان بە قیرائەکردنەوە دەکرێت، تەنانەت خواردنەوەی چایە، ئەم کارەش هەر بە قیرائەکردنەوە دەکرێت، وا بیر دەکرێتەوە کە کەسەکەی بەرامبەر حەزی لە چایەیە، لەبەرچی چایەیەکی لۆ نەهێنم؟ ئینجا پرسیارکردن حەزی لە چ جۆرە چایەیە؟ ئینجا بەم جۆەی دەیسازێنێت کە حەزی لێیەتی. یان کاتێك مرۆڤ جلەکانی لەبەردەکات بە وەستانی لەبەردەم ئاوێنە، ئەمانە هەمووی دەبێتە قیرائەکردنی کردارییانە، بە شێوەیەکی خۆش دروستکردنی چایە و جل پۆشینەکەی، ئەمانە هەمووی قیرائەیە، قیرائەکردنێکی دیکە هەیە دەمانگەیەنێتە خودای ڕەحمان، ئەمەیە مەبەستەکەمان.

**قیرائەکردن بۆ گەیشتن بە خودای ڕەحمان**

قیرائەیەك دەکەین چۆن بگەین بە خودای ڕەحمان؟ لۆیە ئێمە لە ڕوویەکی گوریسەکەین و لایەکەی دیکەی گوریسەکە لە دەستی خودای ڕەحمانە، ئەم گوریسەش بریتییە لە مەخلوقاتەکانی، ئینجا (قل... قل...) ئەم مەخلوقاتانەشی دەمانگەیەنێتە (رب العالمین) پەروەردگاری جیهانییان، لۆ نموونە خودای ڕەحمان باسی ئایات دەکات، کاتێك باسی ئایەتی (لیل) دەکات، شەو (اللیل) ئایەتێکە، ڕۆژ (النهار)یش ئایەتێکی دیکەیە، هەردەم کە باسی شەو و ڕۆژی کردبێت وەکو ئایەت ئەوا شەوی پێشخستووە، لۆئەوەی کردەییانە سەرنجی مرۆڤ ڕابکێشێت، ئینجا لە چەندین ئایەت باسی (اللیل) دەکات وەکو جووڵە و چالاکی و وەکو بوونی زیندوویّتی تیایدا، ئینجا پاشان دەربارەی شەو دەفەرمووێت: (قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِن جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ اللَّيْلَ سَرْمَداً إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُم بِضِيَاء أَفَلَا تَسْمَعُونَ)(القصص71)، ئەمە هەمووی قیرائەکردنە، و ڕێگەی قیرائەکردنیشیان فێردەکات، یان کاتێك هەموو ژیانتان و هەموو دونیاتان بوو بە ڕۆژ! لەو حاڵەتە دەربارەی ڕۆژ دەفەرمووێت: (قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِن جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ النَّهَارَ سَرْمَداً إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُم بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ فِيهِ أَفَلَا تُبْصِرُونَ)(القصص72)، لەم ئایەتەی باسی ڕۆژ دەکات وشەی (أَفَلَا تُبْصِرُونَ) بەکاردێنێت چونکە ڕۆژە، بەڵام لەو ئایەتی باسی شەو دەکات وشەی (أَفَلَا تَسْمَعُونَ) بەکاردێنێت چونکە شەوە و لەوانەیە نەبینێت، ئایەتەکان بەم جۆرەن. لۆیە گرنگە کەوا بەم جۆرە قیرائە بکرێت، ئەو باسەی کردمان دەربارەی گرنگی قیرائە بوو.

**ئەوەی ئەنجامی دەدەیت لە قیرائەکردن دەمێنێتەوە و دەچەسپێت**

سروشتی قیڕائە وایە چەندێك قیڕائە بكرێت دەبێتە یەدەگ و دەمێنێتەوە، دەبێتە بەستەرێك و وات لێدەكات كەوا ناتوانیت ئەو بابەتە جێبهێڵیت، سەیر لەبابەتەكەی قیڕائەش ئەوەیە لە كوێ دەستی لێ هەڵبگریت كە گەڕایتەوە دەتوانیت لەوێ دەست پێ بكەیتەوە! چونكە هاتنەوە سفر لە قیڕائە نییە، لە ژوورەوەی مرۆڤ ئامێرێك هەیە لۆ ئیمان، ئێمە بڕوامان وایە هەستەكان لەلای مرۆڤ پێنج نییە بەڵكو هەستەكان لەمە زیاترن، بگرە دەیەها هەست هەیە، ئیمانیش هەستێكە، لۆیە كاتێك باسی مرۆڤی ئیماندار دەكات دەفەرموویت: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَاناً وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ)(الأنفال2) یەكێك لە ئەنجامەكانی ئیمان بریتییە لە (وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ)، یان بەشێوەیەكی دیكە بڵێین كاریگەری ئەندامی(عضوي) هەیە، (ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ) لۆ نموونە دەفەرموویت: (اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَاباً مُّتَشَابِهاً مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَمَن يُضْلِلْ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ)(الزمر23)، لەم ئایەتەی ڕابردوو باسی پێست دەكات كە پەیوەندی بە ئیمان هەیە، واتە ئیمان كاریگەری ماددی هەیە لەسەر جەستەی مرۆڤ، كاتێك كەسێك قیڕائە دەكات ئەوا ئیش لەسەر ژوورەوەی خۆی كردووە، لە ژوورەوەی شتێك دەگۆڕێت، زۆرجار ئەو نموونەیەمان هێناوەتەوە ئەویش كاتێك شیر بوو بە ماست، هیچ هێزێك نییە بیگەڕێنێتەوە بۆ شیر، لە ڕووی كیمیاییەوە پێكهاتەكەی دەگۆڕێت، ژوورەوەی مرۆڤیش بە هەمان شێوەیە، چەند كار لەسەر گۆڕینی ناوەوەی كردبێت بەهەمان ڕاددە دەگۆڕێت، هەر ئەمەشە مرۆڤەكە وا لێ دەكات نەتوانێت دوور بكەوێتەوە لەم بیروباوەڕە، چونكە لە ژوورێی شتێك هەیە پەیوەستی دەكات بەم بابەت و پەیوەستی دەكات بە قیڕائە، دەیبەستێتەوە بە بابەتی ئیمان، هەر ئەم هۆكارەش ئەگەر كەسەكە بوێری ئەوەی دایە خۆی گوناهیش بكات چێژ لە ئەنجامدانی گوناهەكە نابینێت.

## یاران بەرلەوەی خودای ڕەحمان بناسن پێغەمبەریان ناسیوە

تێڕوانینی ئێمە لۆ بابەتی ئیمان بە پێغەمبەر(علیەالسلام البركات) و لۆ ئیمان بە خودای ڕەحمان وەكو هاوەڵانە، هاوەڵان بەرلەوەی خودای ڕەحمان بناسن پێغەمبەریان ناسیوە، ئەبوبەكر و ئەو دە كەسەی موژدەی بەهەشتیان پێدراوە گوێیان لە خودا نەبووە! تەنیا لە ڕێی پێغەمبەرەوە گەیشتوونەتە خودای، واتە پێغەمبەرمان ئامرازێكە، ئەگەر بێتە بەرچاوتان واتە ئەبوبەكر صدیق گوێی لێ نەبووبوو (وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ) دەیانگووت: (لَيَقُولُنَّ اللَّهُ) (وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ)(لقمان25)، (قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ)(المؤمنون86) وەڵام دەدەنەوە: (سَيَقُولُونَ لِلَّهِ) (المؤمنون87)، كەواتە الله(جل جلاله) لە لایان بوونی هەبوو، بەڵام كێ ئەو الله ڕاستەقینەیانی پێ ناساندن؟ بێگومان پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) پێیانی ناساند، ئەویش بە چ ڕیگەیەك؟ بێگومان لە ڕێی قیڕائەوە، لەبەرئەوەیە هیچ ڕێگە و ئامرازێك نییە كەوا بتوانیت لە هۆیەوە مامەڵە لەگەڵ خودا وەكو خۆی (وەك پێویست) بكەیت جگە لە قیڕائە.

## قیرائەكردن چییە؟

مەخلوقات پردێكن وەكو ئایات، تاكو بمانگەیەنن بە پەروەردگاری جیهانییان (رب العالمين)، ئەگەر مەخلوقات قیڕائە نەكرێ ناوە پیرۆزەكان (أسماء الله الحسنى) چۆن تێدەگەین؟ ئینجا دواتریش چۆن مامەڵەی لەگەڵ خودای ڕەحمان دەكەین؟ لۆیە قیڕائەكردن پێویستە، لە ماوەی شەو و ڕۆژێك دەبێ كاتێك تەرخان بكەیت لۆ دەروون و خودی خۆت، لۆ پەرەدان و خاوێنكردنەوە(تزكية)ی دەروونی خۆت.

ئەگەر مرۆڤێك لە قیرائەكەش پچڕا بە هۆكارێك، ئەوا چەند شەوێك كە دادەنیشێت پێداچوونەوەیەك بەوانە دەكات كە پێشتر كردوویەتی، جا ئۆتۆماتیكی دەگاتە ئەو ئاستەی كە پێشتر بڕیووی، (بەبێ وێكچوواندن) قوتابییەك لە قوتابخانە لە قۆناغی بنەڕەتی و پۆلی یەكەمی بڕی، دواتر قوتابخانەی جێهێشت، ئەو كەسە پیتەكانی ناسی و كۆمەڵێك شت فێربوو، كە چووە پۆلی دووەم جێیهێشت، دوای دابڕان ویستی بگەڕێتەوە قوتابخانە، بێگومان نایبەنەوە پۆلی یەكەم، بەڵكو لە پۆلی دووەم درێژە بە خوێندنەكەی دەدات، بەهەمان شێوە قیرائەكردن لۆ ئیمانهێنانیش هەمان شتە، ئەگەر سەیرێكی بەرداخێك

بکەین لە ئاو بەتاڵ بێت، هیچ کاتێك بەرداخ بەتاڵ نییە، چونکە ئەگەر ئاوی تێدا نەبێت ئەوا پڕە لە هەوا، تەنیا ئەگەر پەرداخەکە ببەینە نێو تاقیگەو بە ئامێری تایبەتی بەتاڵی بکەین لە هەوا!

**قیڕائە هەستێك بەرهەم دێنێت کە الله(جل جلاله) لەگەڵ ئەو هەناسەیەیە، الله(جل جلاله) لەگەڵ ئەو چاوەیە، الله(جل جلاله) لەگەڵ ئەو...، الله(جل جلاله) لەگەڵ ئەو... تا دوایی)یە، ئەوەیە بەروبوومی قیڕائە.**

ئەگەر هاتوو پەرداخەکە پلە پلە بکەین، یەکەم پلە لە ژێرەوەی پەرداخەکە هاوبەشدانان (الشرك) بێت و پلەی دوای ئەو کوفر بێت، بەم ڕیزبەندییە سەردەکەوین یەك بەدوای یەك لە قەدەغەکراوەکان، هەر پلەیەك بێننە بەرچاوتان کە حەرامەکان بێت، ئینجا ئەگەر ئاومان لە پەرداخەکە کرد، ئایا ئاوەکە لەسەرەوەی پەرداخەکە کۆدەبێتەوە؟ بێگومان دەچێتە خوارەوەی پەرداخەکە، ئینجا بەم شێوەیە گوناهەکان بە گوێرەی گەورەییەکەی فڕێدەداتە دەرەوە، واتە ئیمانیش سەرەتا(شرك و كفر) فڕێدەدات، لۆیە قۆناغی یەکەمی قیڕائە بریتییە لە یەکتاپەرستی (التوحيد)، زانایانی (العقيدة) باسی حاڵەتێکیان نەکردوو ئەویش تاك و تەنیایی (التفريد)ە، لە ناوە پیرۆزەکان هەیە (الفرد الصمد) ئەم (الفرد و الصمد)یەتە لە قیڕائە هەستی پێدەکرێت، ئینجا (الواحد و الأحد) شتێکە و (الصمد) شتێکی دیکەیە، و (الفرد) ئەویش شتێکی دیکەیە، ئەمانە بە قیڕائە هەستی پێدەکەیت، ئەو قیڕائەی باسمان کرد نەك خودا تاك و تەنیایەو لەسەر کورسییێك دانیشتووە و ناوی عەرشە! نەخێر، بەم قیڕائەکردنەی هەست دەکەیت تاك خودایە و بەس، تەنیا ئەو خودایەیە هەموو کاتێك لەگەڵ مەخلوقاتی بە پەوەردگار(رب) مامەڵە دەکات، هەر ئەو خودایەیە کە هەرچی گەدە هەیە لەنێو مەخلوقات ئەو خۆی پەروەردگار (رب)یەتی، و هەموو کاتێکیش ئیشی پێدەکات، هەر ئەو خودایەیە وەکو (رب)ێك هەرچی مەخلوقات هەیە کە هەناسە وەردەگرن و دەیدەنەوە ئەو (رب)ە بەڕێوەی دەبات، ئەمەش تەنیا بە قیڕائە بەدەست دەهێنرێت، چونکە بەمە تێیدا دەژیت. کاتێك مرۆڤێك هەناسە دەدات تۆ هەست لە هەناسەی ڕادەگریت، ئەمەش دەبێتە خەسڵەت لە کەسەکە، ئینجا چەند هەناسەی ببینیت ئەوا (رب )ت بیردێنێتەوە، جا ئایا تەنیا هەناسە! نەخێر، چاوەکان، چەند سەیری چاوی مرۆڤەکان بکەیت، یان سەیری لێوی مرۆڤەکان بکەیت، یان ئەبرۆی مرۆڤەکان، یان سەیری هەر ئەندامێکی جەستەی مرۆڤەکان بکەیت، کە ئەمانە هەمووی ئایاتی خودای ڕەحمانن، هەمووی خەلقی خودان، ئەوا خودا لە پشتی ئەو مەخلوقانەیە، تا وای لێدێت کەسەکە چیتر پێویستی بە هەناسەکان نامێنێ تەماشایان بکات، چونکە بەردەوامبوون لەمەی گووتمان وا دەکات دەبێتە ڕاهێنان و دەبێتە بەشێك لە قەوارە(الكيان)ی، لەبەرئەوەی گووتمان لە ژوورەوەی مرۆڤەکە ئامێرێك هەیە، ئەم ئامێرەش ئاڵوگۆڕبوو و ئیشی کرد شت بەرهەم دێنێت، هەستێك بەرهەم دێنێت کە الله(جل جلاله) لەگەڵ ئەو هەناسەیەیە، الله(جل جلاله) لەگەڵ ئەو چاوەیە، الله(جل جلاله) لەگەڵ ئەو...، الله(جل جلاله) لەگەڵ ئەو... تا دوایی)یە، ئەوەیە بەروبوومی قیڕائە.

**کاتێك چاوەکانی ئەرکی خۆیان ئەنجام دەدەن**

لەبەرئەوەیە (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق1) بە هۆی مەخلوقات ئاشنایەتیمان لەگەڵ پەروەدگاری جیهانییان (رب العالمين) بنیات نا، (الرب) (الَّذِي خَلَقَ)، پاشان ئەو کەسە بەم جۆرە قیڕائە دەکەن دەگەنە حاڵەت و ئاستێك هەر کە چاوەکەی بینی مەزنی و توانای (العظمة و القدرة)ی خودای دێتە بەرچاوەکانی، هەر کە لەسەر سفرەی خواردن دانیشت، دەبینێ چ خودایەکە(جل جلاله)، کە (الرزاق)ە و ڕۆزی هەموو مەخلوقاتەکان دەدات، ئینجا ئەو خودایە چەندە دیموکراتییە! کابرا کافریشە و کەچی ڕۆزی دەدات، یان جنێو بە خودای دەدات، ئایا دەزانن هاوبەشدانان(شرك) جنێوە؟ پەنا دەگرم بە خودا، واتە دێت جنێو بە خودای دەدات و ئەگەرچی بەندەیتی و خەلقی کردووە لۆ بەهەشتیش، لەگەڵ ئەم کارە نابەجێیەی کەچی ڕۆزیشی دەدات! ئەمانە هەمووی واتە (اقرأ).

**کاتێك ئاشنایەتی پەیدا دەبێ... چیتر دێت؟**

ئاشنایەتی (تعارف)مان لەگەڵ پەروەدگاری جیهانییان (رب العالمين) دروستکرد، ئەویش لە ڕێگەی مەخلوقاتەکانی، پاشان ئینجا (وَ اذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ)(المزّمّل8)، هەرکاتێك مەخلوقەکەمان بینی نەك ناوەکانی (رب) نەخێر، بەڵکو

ناوەکانی دیکەشی لەگەڵ دێت، لۆ نموونە: (البدیع، القادر، القدیر) ئەمانە هەمووی لە جێگەی خۆی، ئەمانە هەموو بە مەشق و ڕاهێنانی بەردەوام هێدی هێدی دەبێتە شتێکی ئۆتۆماتیکی، ئەو کاتە هەمووی بە جێبەجێکردن و ڕاهێنان لە دوای ڕاهێنان دەبێتە شتێکی ئۆتۆماتیکی، ئەو کاتە وای لێدێت هەستت دەکەیت لە نێو تۆپێکی نەك بازنەیەك، بەڵکو لە نێو تۆپێکدایت و تۆپەکەش ڕوون (شفاف)ە، ئینجا هەرچۆنێك لە ناو تۆپەکەوە تەماشای دەکەیت وەك شووشەیەکی ڕوون ئەوا خودای ڕەحمان لە دوایەوە دەبینیت، ئەمەش قۆناغێکە، تا دەگاتە ئاستێك هیچ کاتێك لە خودای جیا نابێتەوە، ئامیرێك هەیە لە ژوورەوەی بە تەواوی دەست بە ئیشکردن دەکات، ئاخافتن ئەنجام دەدات، هەڵدەستێ، دادەنیشێت، دەخەوێت، جووڵەی دەکات، لەگەڵ خێزانی، لەگەڵ منداڵەکانی، یان لەگەڵ هەر کەسێك دەجووڵێتەوە، بەردەوام ئیشی خۆی دەکات، ئەوەیە پێیدەگووترێت (ذاکرین مع الله)، ئەمە لەگەڵبوون (المعیة)ی خودایە، ئەو کەسە هیچ کاتێك لە خودای ڕەحمان دانابڕێت، ئەو مرۆڤە بە هیچ جۆرێك دانابڕێت لە خودای ڕەحمان، ئەمەیە قۆناغی (الإحسان) (أن تعبد الله كأنك تراه)، لەبەرئەوەیە لە (أضل من الأنعام) دەست پێ دەکەین، تاکو دەگەینە (إحسان).

## کاتێك مرۆڤ دەگاتە پلەی (الإحسان)

جا ئەو مرۆڤە دەبێتە (محسن)، لەبەرئەوەیە هەردەم (إحسان)ی لێ دەردەچێت، (إحسان)یش نەك مانای چاکە، بەڵکو لە چاکە زۆر پەرەسەندووترە، واتە بە تێڕوانینی خودایی سەیری شت دەکات، بە تێڕوانینی خودایی مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ دەکات، گوێ نادات بەوەی ئەو مرۆڤە کێیە؟ ناسنامەی چییە؟ مرۆڤەکە چۆنە؟ ئەم قسانەی دەیکەم هەردوو لایەن دەگرێتەوە هەم لایەنی هزری و بیردۆزەیی و هەم لایەنی کرداریی.

## کاتی شەو و ڕۆژ لۆ قیرائەکردن جیاوازی نییە

کاتی شەو و ڕۆژ لۆ قیرائەکردن جیاوازی نییە، لەبەرئەوەش شەومان لە لا باشترە چونکە کاتێك مرۆڤ دەخەوێت ئینجا هەڵدەستێتەوە، ئەو فایلانەی کە لە (فؤاد)ی هەبوو و پێویست نییە و بە بەلاش پێوەی ماندووبووە، هەمووی دەسڕێتەوە، تەنیا فایلە سەرەکییەکان دەمێننەوە، تەنانەت ئەگەر پێداگری نەکاتە سەر فایلە سەرەکییەکانیش ئەوانیش نایەنەوە. قوتابخانەی شەوهەڵسان لە پێغەمبەر ئیبراهیم(علیه السلام)وە ماوەتەوە، لەوانەیە کەسانێك بەرلەوەی بابەتی (إقرأ) بهێنرێت، ئەوان شەو هەڵساون، چونکە قیرائەی بە شەو زیاتر گرنگی پێدراوە (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً)(المزمل2)، ئەوەش بووەتە نەریتیان و بەردەوامیش بووینە لەسەر ئەو حاڵەتەی، ئەوەی دەمێنێتەوە بابەتەکە فەرمان(أمر) بووە و ئیشیان لەسەر کردووە و ئەوانیش خۆیان لەسەر ڕاهێناوە.

## ئایاتەکانی (سمع) ڕوویەکی دیکەی قیرائەکردن

ڕوویەکی دیکەی قیرائە، ئایاتەکانی (سمع)ە، کە لەم سەردەمەی ئێمە ئایەتەکانی (سمع) کەم بۆتەوە، مرۆڤەکان بە زۆری (بصري)ن نەك (سمعي)، ئەمە لەبەرچییە؟ چونکە خۆڕەنگکردن و خۆنووواندن (التلون و التجسد) زۆر زۆرە، لەم سەردەمە ژاوەژاو زۆرە ، لەبەرئەوەی گوێچکەکانمان تووشی جۆرێك لە کەڕیی بووە، ئەگەر هەست ڕابگرن کاتێك کارەبا دەکوژێتەوە دونیا کشومات دەبێت، ئەوکاتە هەست دەکەیت چ ژاوەژاوێك لە ژینگەکەت هەیە، کاتێك قیرائەی قورئان دەکرێت (وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُواْ لَهُ) ئینجا (وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ)(الأعراف204) واتە جۆرێك لە پاڵاوتەکردن دەبێ لۆ (سمع) بکرێت.

لە بێدەنگی (سکون)دا دەنگ هەیە، ئەگەر هیچ دەنگێکیش نەبێت ئەوا لە (سکون) دەنگێکی سەیر هەیە، بەڵام ئەوەی لەلای ئێمە ڕوویداوە ئەوەیە (سمع)مان پڕی کۆمەڵێك دەنگ بووە و فەرامۆشیشمان کردووە، لەبەرئەوەشە ئەم هەستەمان لە جێگەی ئەوەی ببێتە هەستی پلە یەك بووەتە هەستی پلە دوو، ئەویش ئەگەر ئیشی لەسەر بکەین و پاڵاوتەیەك (فلتەر)ی لۆ دابنێین، دەست بە ئیش دەکاتەوە، تاکو دەگاتە ئاستێك دەتوانین گوێمان لە فریشتەکان ببێ.